# ئاشناكردنەوەى موسڵمانان بە دەعوەى پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام)

✍ : دكتۆر/ كاوە أكرم سەنگاوى

## بەشى يەكەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

يەكەم شتێك كەخودا پێويستى كردووە لەسەر بەندەكانى ئەوەيە كە خودا بە باشى بناسن و بەتەنهاش ئەو بپەرستن، ئاشنابوون بەناسينى خوداو تەنها پەرستنى چاكترين و بەرزترين و شيرينترين نيعمەتە، هەربۆيە خواى پەروەردگار ناسينى و بڕوا پێ بوون و پەرستنى خۆى لەسەر بەندەكانى پێويست كردووە، چونكە دەزانێ كە بەبێ ئەوە هەم خۆيان دەدۆڕێنن و لەكيس دەچن، هەم چاكترين و بەرزترين نيعمەتى دونياو قيامەتيشيان لەدەست دەچێ..

بوونى خواى پەروەردگارو ئاشنابوون بەناسينى گەورەترين و تەواوترين ڕاستى بونەوەرمان بۆ ئاشكرا دەكات، چونكە بەبێ بوونى خواو خالقێتى ئەو، ئينسان ناتوانێ بەشيوەيەكى ڕاست و دروست، چۆنيەتى پەيدابوونى ئەم بوونەوەرە تەفسير بكات و لێكى بداتەوە.

جا هەروەك چۆن خواى گەورە دروست كارو بەڕێوەبەر و خاوەنى هەموو شتێكەو وردو درشت و بينراو نەبينراو، زانراو نەزانراوى بونەوەرو گەردون لەڕێگەى خوداوە هاتوونەتە بوون، وە ئەگەر بۆ لێكدانەوەى بوونەوەر پەنا بۆ هەرشتێكى تر ببرێت جگە لە خودا ئەوا مرۆڤ دەستى لە ئەفسانەو خورافيات گيردەبێ و سەرى لە پەتاڵ و پوچەوە دەردەچێ .

بەهەمان شێوەش بەبێ تەنها پەرستنی خـــوداش، نەئینـــــسان، نـــــەژیان، نەبونـــەوەر..هـــیچ مانـــاو بایـــەخ و حیکمەتێکی نامێنێ و دەبنە شتی پوچ وبۆش!!

کەوابوو:

بەهۆی ئاشنابوون بەناسینی خوداو تەنها پەرستنییەوە، ئینسان بەڕاستی خۆی دەناسێ و حاڵی دەبێ کە حیکمەت و هۆی خولقانی خۆی و بونەوەر چییەو چـــۆن و بۆچـــی دروســـت کـــراوەو سەرەنجامی چۆن دەبێ، ئەگەرنا بەبێ ئاشـنا بـوون بەناسـینی خـوداو تـەنها پەرستنی ئینسان ماناو حیکمەتی بوونی خۆی و ژیان و بونەوەر نازانێ.

بۆیــە: هــەموو ئەوانــەی کەبەناسـینی خودا ئاشنا نەبوون و بە پەرستنی ئەو بەهرەمەند نەبوون بۆ تەفسیر کردنی بوون و ژیانی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر ئەو بیردۆزە پوچانەی کە بەچاوی ئاژەڵ و دڕندەو شتی نەشیاو تەماشای مرۆڤ دەکەن.. دەوروبەرو بونەوەریش بەشاری بێ ساحێب و بێ خاوەن تەماشای دەکەن و دروست بوونی بە بەرهەمی ڕێکەوتی کوێرو سروشتی کاس لە قەڵەم دەدەن.. کە دەبێ هەر لەناو ئەو بازنە داخراوانەدا و لە دەوری لیتاوی ئەو ئەفسانانەدا بتلیسێنەوەو بگەوزێنەوە.

بەڵێ: تەنها ئاشنا بوون بە ناسینی خوداو بەهرەمەندبوون بە پەرستنەکانی دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە دێرینانە بداتــەوە کـە بوونەتــە گـرێ کـوێرەو تـا ئێـستاش بـیرو هۆشـی مرۆڤـی پێـوە خەریکـەو کاسـی کـردووە.. لـەکوێوە هاتوی؟ ئەم گەردوونە لەکوێوە هاتووە؟ بەدیهێنـــەرو دروســـتکاری کێیـــە؟ بەڕێوەبـــەرو هەڵـــسوڕێنەری کێیـــە؟ ناوەکانی چییەو سیفەتەکانی چۆنە؟ لەپێناوی چیدا ئێمەو ئەم گەردوونەی دروست کردووە؟ ئەرك و وەزیفەو ڕۆڵی ئێمە لەم بونەوەرەدا چیە؟ پەیوەندیمان لەگەڵ خودا دەبێ چۆن بێ؟ ئایا لەپشت ئـەم جیهـانی هەسـتی وبەرچـاوییەوە جیهانێکی ناهەستی ونابەرچاوی هەیە؟ ئاخۆ لەپاش ئەم ژیانە ژیانێکی تر دەبێ هەبێ؟ ئەگەر هەبێت ئەبێ چۆن بێت؟ باشە ئەبێت سەرئەنجاممان پێی بگات؟ ئەگەر پێی بگات بەختەوەر دەبین یان

**بەدبەخت؟ بەختەوەری وبەدبەختی ئەو ژیانە لەسەر چ بنەمایەکە؟..؟..؟..؟**

**ئەمانەو چەندان پرسیاری دیکەش تەنها لە ڕێگەی ئاشنابوون بەناسینی خوداوە مرۆڤ دەتوانێ وەڵامی ڕاست و دروست و دڵنیا بەخشی دەست کەوێ.**

**خۆ ئەگەر کەسێك بەناسینی خودا ئاشنا نەبێ.. وەبەپەرستنی خودا بەهرەمەند نەبێ.. ئەوا ژیانی لەم شاعیرە کڵۆڵ و سەرگەردانە باشتر نابێ..کە لەوەڵامی ئەو پرسیارانەدا هیچ شتێك نازانێ...وەکو خۆی دەڵێ:**

جئت لا أعلم من أين، ولكن أتيت

ولقد أبصرت قدامي طريقاً فمشيت

وسأبقى سائراً إن شئت هذا أم أبيت

كيف جئت، وكيف ابصرت طريقي

لست أدري؟!

**هاتووم ونازانم لەکوێ وە، کەچی**

**ئەوەتانێ هاتووم**

**لەبەر پێی خۆمدا ڕێگەم بینی وپێیدا**

**گوزەرم کرد**

**بمەوێ یان نەمەوێ هەر دەبێ لەم**

**ڕێیەدا بم**

**چۆن هاتووم و چۆن ئەم ڕێگەم بینی**

**نازانم؟!**

وطريقي ماطريقي؟ أطويل أم قصير؟

هل أنا أصعد أم أهبط فيه وأنموز؟

أ أنا السائر في درب تسير؟

أم كلانا واقف والدهر يجري؟

لست أدري؟!

**ڕێگەی من ڕێگەی چیە؟ دوورە یان**

**نزیك؟**

**ئاخۆ بەرەو هەورازم یان نشێوم،**

**یاخود بەرەو ڕۆچوونم؟**

**ئاخۆ من لەسەر ئەم ڕێگەیە گوزەر**

**دەکەم یان ڕێگەکە دەجوڵێ؟**

**یان هەردووکمان وەستاوین و ئەوەی**

**دواوە گەردوونە؟**

**نازانم؟!**

أتراني قبلما أصبحت إنساناً سوياً

كنت محواً أو محالاً أم تراني كنت شيئاً

أهذا اللغز حل؟ أم سيبقى أبدياً

لست أدري؟.. ولماذا لست أدري؟

لست أدري؟!

**ئاخۆ بەر لەوەی ببمە مرۆڤێکی**

**ئاسایی**

**هەر نەبوون بووم یان مەحال یاخود**

**شتێکی تر بووم**

ئایا ئەم مەتەڵە شیکاری هەیە؟ یان
هەروا هەمیشەییە
نازانم؟..ناشزانم بۆ نازانم؟چونکە
نازانم؟

کەسانی وەکو شاعیری کڵۆڵ وسەرگەردان زۆرن، کە هەمان وڕێنە دەکەن و لەناو گێژاوی ئەو گرێ کوێرانەدا وون بوون و نەزانییان کردۆتە وەڵامی پرسیارەکانیان..

هەیانە ئەو نەگبەتی وسەرگەردانییە لەکۆڵی خۆی دەکاتەوەو ئاهی حەقیقەت دێتەوە بەبەری و لەو ژاوەژاو وکاس بوونە ڕزگاری دەبێ و...هەناسەی خۆش بەختی وئۆخ ژنیی خواناسی هەڵدەمژێ و... لەدەردو ئازاری تاڵ ژینی خوانەناسی قوتاری دەبێ...

بەڵام داخ بۆ ئەوانەی هەر لە گێژاو وگێژەنی حەسرەتدا لوول دەخۆن و... کۆت وزنجیری ئەو دێوە زمەی نەزانین و جەهالەتە لەکۆڵ خۆیان ناکەنەوەو... کە کوێرەڕێیەکان وهەڵدێرە کەڕوکاسەکانی بێ بڕوایی لوشی داون...هەر لەو زیندانی نازانمەدا گیردەمێننەوە...

موسڵمان لەکوێ و ئەوان لەکوێ.. موسڵمان زۆر بەڕوونی وەڵامی پرسیارەکان دەزانێ و..بەدڵنیاییشەوە حەقیقەتی شتەکان دەناسێ..

موسڵمان لەڕێگایەکدا دەڕواو پێ هەڵدەگرێ.. بەرەو ئامانجێك گوزەر دەکات و هەڵدەزنێ...کەنەخشەی بۆ کێشراوەو بەسەر ئەنجام ونەتیجەکەی زانیارەو دەزانێ چی بکات وچی نەکات...

ئەو موسڵمانەی کە بەناسینی خودا ئاشنایە.. وەکو کەسێکە کە دەیەوێت بەڕێگایەکی ڕێکدا بڕوات.. ڕێگاکە دەناسێ و سەرەنجامەکەی و خاڵی کۆتاییەکەشی دەزانێ بەچی دەگات و.. دەشزانێ بۆچی دەڕوات و چۆن ڕێ دەکات .. وەلەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە بەڕێك وپێکی ڕێ دەردەکات...

بەڵام ئەو کەسەی کە بەناسینی خودا ئاشنا نییەو بە پەرستنی خودا بەهرەمەند نییە.. نازانێ لەکوێ وە هاتووەو بەرەو کوێ دەچێ؟ وەکو کەسێکە ملی کوێرە ڕێیەکی خوارو خێچی گرتبێ وخۆشی دەمەو ڕوو کەوتبێ و.. بەگاگۆڵکی و لەسەر سك دەمی ڕێگای

گرتبێ... کە نەك هەر نازانێ بەرەو کوێ ملی دەنێ، بەڵکو کوێرە ڕێگەی خۆیشی بەباشی نابینێ ..

ئا ئەو کەسەی کەوەکو گای کوێر ڕێگای گرتۆتەبەرو خۆیشی نازانێ کە قۆچی بەچ هەورازێکدا دەتەقێ و ملی لەچ هەڵدێرێکەوە دەشکێت، زۆر جیاوازە لەو موسڵمانەی کە ڕێگا ڕاستەکەی خوای پەروەردگاری گرتووە: کە ئەویش تەنها پەرستنی خودای میهرەبانە.

ئەمەش ئەوەیە کەخودا دەفەرموێ:

﴿ أَفَمَن يَمْشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجْهِهِ أَهْدَىٰ أَمَّن يَمْشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢٢﴾ ﴾ [الملك: ٢٢].

واتە: ئایا ئەو کەسەی کەدەمەو ڕووکەوتووە بەدەمداو، پێشتی خۆی لێوە دیار نییەو نازانێ بەرەو کوێ دەم دەکوتێ .. ئایا ئەمە باشتر ڕێ دەردەکات، یان ئەو کەسەی کە لەسەر پێ ڕاوەستاوەو ڕاست بەڕێگایەکی ڕێکدا دەڕوات و پێشی خۆی دەبینێ ودەزانێ چۆن و بەرەو کوێ پێ هەڵدەگرێ؟

کەواتە:

خواناسی و بڕواداری هەروەك چۆن بریتییە لە ڕێزگرتن وبەگەورە گرتنی خودا، بەهەمان شێوەش ڕێزوحورمەت دانیشە بۆ ئینسان وبونەوەر.

هەروەکو خودا دەفەرمووێ:

﴿ وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ ﴾ [ص: ٢٧ - ٢٨].

واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی دەکەوێتە نێوانیانەوە، هەروا بە پوچ و بێ حیکمەت و هەوەنتەکاری دروست نەکردووە، ئەو بیرو باوەڕەی کەوا بزانێ بەبێ حیکمەت دروست بوون، ئەوە گومان و بۆچوونی بێ باوەڕانە، سزای سەخت بۆ ئەو بێ باوەڕانە هەیە لەئاگری دۆزەخدا.

وەلە عەدالەتی خودایە نابێ کافر و موسڵمان لەیەك ترازودا دابنرێ و وەکو یەك و یەك سەرەنجامیان هەبێ، بۆیە دەفەرمووێ:

ئەگەر بونەوەر بەبێ حیکمەت دروست بووبێ، ئەی ئایا ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە، دەکرێ و دەگونجێ وەکو خراپەکاران مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ،

دەشـــێ خـــوای حـــەکیم و کـــارزان چـاکەکاران و خراپـەکاران وەکـو یـەك تەماشـا بکـات و یـەك حیـسابیان بـۆ بکات.

جـا ئەگـەر قیامـەت ولێپرسـینەوە نـەبێ و بـە چـاکەکار نـەوترێ چـاکەت کـردو بـە خراپـەکار نـەوترێ خراپـەت کـرد، مانـای وایـە وەك یـەك تەماشـا کـراون و حیـساب کـراون، ئـەوەش لەخوایـەکی دادوەری دانـاو کـارزان و حەکیم ناوەشێتەوە .

چونکە ئەگـەر وانـەبێ و لێپرسـینەوەو سـزاو پاداشـت نـەبێ، بڕوادارانـی کـردار پەسـەند لەگـەڵ بـێ بڕوایـانی کـردار ناپەسـەند، هـەردووکیان دەچـنە نێـو تەرازوویەکەوەو یەکسان دەبن!!!

جا لەوە دەتوانین بڵێین:

ئاشـــنابوون بەناســـینی خـــوداو بەهرەمەند بوون بەتەنها پەرستنی، ئەمـە پلـــەو پایەکەیـــەتی و گرنگـــی وبایەخەکەیـەتی بۆیـە بۆتـە چـەق و مەرکەزێك کە هـەموو ئایەتـەکانی قورئـان وفەرمایشتەکانی پێغەمبـەرﷺ بـەدەوردا دەسوڕێتەوە، چونکە هـەموو ئایەتـەکانی قورئـان وسـەرجەم فەرمایـشتەکانی پێغەمبـەرﷺ یـان باسـی زاتـی خـودای پـەروەردگارن..یـان باسـی نـاوو سـیفەتە بەرزەکانی..یـان باسـی دروسـتکراوەکانی خـودان.. یـان باسـی ئـەو دروسـتکراوو شـوێنەوارانەی کـەناو و سـیفەتەکانی خـودای تێـدا دەردەکـەوێ.. یـان باسـی فـەرمان کـردنن بەبەندایـەتی کـردن وپەرستنی خودا..یان چۆنیەتی بەندایەتی کردن وپەرستنی خودای گەورەن.. یان باسـی پلـەو پاراسـتنی ئـەو کەسـانەن کەبەندایـەتی بـۆ خـودای گـەورە دەکـەن لەدونیاو دواڕۆژدا..یان باسی سزاو تۆڵەی ئەو کەسانەن کە لـە پەرستنی خـودا لا دەدەن وهاوبەشی بۆ دادەنێن..یان باسی بەسـەرهاتی پێغەمبـەرانن، کەگەلـەکانی خۆیانیان بانگ کردووە بۆ خواپەرستی و بەندایەتی کردنی خوای گەورە.. وە ئـەو کێـشەو تێگیرانانـەی کـە لـەنێوان پێغەمبـەران وگەلەکانیانـدا ڕووی داوە لەسەر مەسەلەی تەنها خواپەرستی.

جا مادام:

خوابەیەك زانین (التوحيد)، ئـەو بازنـەو خولگەیـە بێـت کـە هـەموو قورئـان

وسوننەتی بەدەوردا بخولێتەوە..وە ئەو چەق و سوڕگەیە بێت کە هەموو دینی بە سنوردا بسوڕێتەوە..پێویستە زۆر بەجوانی وبەباشی لەمانای (التوحید) تێ بگەین وبەشەکانی بەتەواوەتی بناسین.

## خـــوا بەیەك زانین (التوحید):

خـوا بەیەك زانین (التوحید): بریتییە لەبەتاك وتەنها زانینی خوای پەروەردگار لە هەموو تایبەت مەندییەکانیدا.

(التوحيد: إفراد الله سبحانه بما يختص به).

وە ئەو شتانەی کە تایبەتمەندن بەخوای پەروەردگار و پێویستە ئێمە خوای پەروەردگاری تێدا بەتاك وتەنها بزانین و کەس نەکەینە شەریك و هاوبەشی، سێ بابەتن:

١- رب = خاوەن.

٢- إله = پەرستراو.

٣- أسماءو صفات= ناوو سیفەتەکان.

کەوابوو:

پێویستە دان بەوەدا بنرێ کەئەم بوونەوەرە یەك بەدیهێنەرو پەروەردگارو مشورگێڕو خاوەن وفەرمانڕەوای هەیە کە زاتی (الله)یە. بەمەش (ربوبیــة)ی خودا دادەمەزرێ وجێگیر دەبێ.

وە ئەو پەروەردگارو بەدیهێنەرە خاوەنی بێ ژمارە ناوی هەرە بەرزو پەسەند و سیفەتی هەرەچاك وجوانە، کە هیچ کەس و هیچ شتێك لەو ناوو سیفاتانەی خودا بەشدار نییە.

بەمەش(أسمــاء وصــفات) ی خودا دادەمەزرێ وجێگیر دەبێ.

وەئەو پەروەردگارو بەدیهێنەرە تەنها خۆی شایستەی ئەوەیە کە بەتەنها بپەرسترێ و بەندایەتی بۆ بکرێ. بەبێ ئەوەی هیچ کەس و شتێك لەو پەرستن و بەندایەتییەدا بکرێتە شەریك وهاوبەشی. بەمەش (ألوهیــة)ی خودا دادەمەزرێ وجێگیر دەبێ.

کەواتە:

بیروباوەڕو ئیمانی هیچ کەسێك دانامەزرێ بەخودا..تاوەکوو تەنها خودا (رب)ی خۆی نەناسێ..وەهەرئەویش بە (إلــه)ی خۆی دانەنێ...وەتەواوی ناوو سیفەتە بەرزەکانیش بۆ ئەو نەسەلمێنێ...

جا هەر لەبەر ئەمەیە زانایانی سەلەف (بەڕەحمەت بن) ئیمان بوون بەخوا و تەوحیدەکەی دەکەن بەسێ بەشەوە:

١-**توحيد الربوبية**:

واتە: تەنها(الله) بە(رب)بناسرێ.

٢-**توحيد الالوهية**:

واتە: تەنها(الله) بە(إله)دابنرێ.

٣-**توحيد الاسماء والصفات** :

واتە تەواوی ناوەبەرزەکان وسیفاتە پەسەندەکان بسەلمێنێ..

پاش ئەوەی کە زانرا:

(التوحيد)چییەو ماناو بەشەکانی چین، ئێستا پێویستە هەریەك لە(رب) و(إله)یش بەجوانی و بەباشی بناسرێن و ماناو مەبەستەکانیان بەتەواوی بزانرێ، تاوەکوو بەوشێوازەی شیاوی خودایە ئیمانی پێ بهێنرێ و بۆ غەیری خودا بەکار نەهێنرێ.. وە بۆ ئەوەی ئینسان لەمیانەی ئاشنابوونی بەناسینی(رب)ی حەق و(إلە)ی حەق ببێ بەبەندەیەکی یەکخواناسی یەکخواپەرست..وە بۆ ئەوەی لەبەندایەتی وعیبادەت کردن بۆ بەندەو دروستکراوەکان ڕزگاری بێ بۆ بەندایەتی کردنی خوای بەندەکان..

وە تاوەکو ئەو بەختەوەری و ئۆخژینی‌یەی دونیاو قیامەت کەبەو دوو وشەوە بەستراوە دەستەبەربێ..وە لە تەواوی ئەو بەدبەختی وتاڵ ژینیانەی کە لە تێنەگەیشتن لە دوو وشەوە سەرچاوە دەگرێ ڕزگاری بێ..

وە بۆ ئەوەی، هەموو ئەو طاغوت و فیرعەون وسەرانی گومڕایی ودەجال ودەست بڕانە بناسرێ کەخۆیان لەخەڵکی هەژارو ستەم لێکراو کردووە بەخوا، وە بەهۆی دەسەڵات و زوڵمەوە یان بەهۆی فڕوفێڵ وچاوبەستییەوە، خۆیان کردووە بە(رب، إله)ی خەڵکی.

## تاك كردنەوەی خودا لە ناسینی دا توحيد الربوبية

وشەی (رب) واتە: خاوەن، جائەم ووشە کە بۆ خوای پەروەردگار بەکار دەهێنرێ ودەوترێ خوا (رب)ی هەموو بوونەوەرە مەبەست سێ شتە:

یەکەم: لەسەرەتاوە ئەم بوونەوەرەی بەسیفەت و خاسییەتەکانیەوە لە نەبوون پەیدا کردووە، واتە: (خالق).

دووەم: مانەوەی ئەم بوونەوەرەی

بەدەستەو ئەو بەڕێوەی دەبات بەپێی یاساو ڕێسایەك كەخۆی بۆی داناوە (الأمر)

سێیەم: سەرەنجامی بوونەوەریش هەر هەمووی بەگەورەو بچوكییەوەو بە وردو درشتێوە هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بەردەستی خۆی و خۆی خاوەنیانە (المالك) .

كەواتە شتەكان لەبوون ونەبوون دا بەندە بەخوداوە، ئەگەر خوای گەورە خەلقی نەكردایە ودروستی نەكردایە نەئەبوو.. وەهەروەها مانەوەشیان بەندە بە خوای گەورەوە، ئەگەر دەستی لێ بەردا لەناودەچێت.. هەروەك چۆن بوونەوەر بەبێ خوای پەروەردگار بوونیان نەدەبوو، بەهەمان شێوە بەبێ خودای پەروەردكار ناتوانین لەسەر ژیان بەردەوام بن .

بۆیە هەوەك چۆن بوونەكەیان پێویستی بەخودای پەروەردگار هەیە و بۆ پەیدا بوونیان پەكیان لەسەر خودا كەوتووەو بەبێ ئەو نابن، بەهەمان شێواز بەڕێوەچوونی ژیانیان و بەردەوام بوونیان پێویستی بەخودای پەروەردگارەو بۆ مانەوەیان پەكیان لەسەر خودا كەوتووەو ئەگەر خودا دەستیان لێ بەردا ئەوا ناتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن و درێژە بەژیانیان بدەن..

ئەمە مانای پەروەردگارێتی(رب) بوو كە بۆ خوا دەوترێ وبەكاردەهێنرێ، جاكاتێك ئینسان باوەڕی بەوە هێنا كە خودا (الخالق، المدبر، المالك) یێتی و لەوسیانەدا كەسی نەكردە شەریكی خوا ، ئەوە خودای بە پەروەردگاری خۆی داناوەو بە تەنها ئەوی ناسیوە لە پەروەردگارێتی (الربوبیة) دا، ئا ئەمەشە كە پێی ئەوترێ: (توحید الربوبیة).

كەوابوو: كەدەوترێ خوا (رب) خاوەنی ئەم بوونەوەرەیە، واتە:

١- تەنها خودا خۆی بەدیهێنەرو دروستكارو خالقێتی.

٢- تەنها خودا خۆیشی سەرپەرشتیارو مشورگێڕو بەڕێوبەرێتی.

٣- سەرەنجامی بوونەوەریش هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بەردەستی خۆی و خۆی خاوەنیانە.

هەروەك چۆن بوونەوەر بەبێ خوای پەروەردگار بوونیان نەدەبوو، بەهەمان

شێوه بەبێ خودای پەروەردگار ناتوانن لەسەر ژیان بەردەوام بن، بۆیە گەر بە ووردی سەرنجێك لەقورئانی پیرۆز بدەین و لێی ووردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (رب) بۆ ئەو مەبەستانە بەکارهاتووە لەقورئاندا کەتەنها خودا بەدروستکارو بەڕێوەبەر بزانرێ ..

یەکەم:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٥٤﴾ [الأعراف: ٥٤].

واتە: بەڕاستی خاوەنی(رب)ی ئێوە الله، پاشان خوای پەروەردگار وشەی(رب) بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوەو دەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ ئەو خودایەی کەئاسمان و زەوی دروست کرد لەماوەی شەش ڕۆژدا. ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾ پاشان چووە سەر عەرشی فەرمانڕەوایی خۆی و بەڕێوەبردنی بوونەوەریش لەژێر دەسەڵاتی خودادایە کە شەو دەکا بەڕۆژدا ڕوناکی وتاریکی یەکتر دادەپۆشن، وە خۆرو مانگ و ئەستێرەکانیش هەموویان لەژێر فەرمانی بەڕێوەچوونی ئەودان وبە پێی یاساو بەرنامەیەك کە خۆی داینـاوە بەڕێوە دەچن.

کەوابوو چاك بزانن(رب)ی ئێوە ئەو زاتەیەکە: ﴿أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ﴾.

دروست بوونی بوونەوەری لەژێر دەست دایە.. هەڵسوڕاندنی گەردونی لە ژێر فەرمان دایە. جابۆیە ئەو خودایەی کە بوونەوەری دروست کردبێ و ژیانیان بەڕێوەبەرێ هەر ئەویش شایستەی ئەوەیە کەبە پاك وپیرۆز ڕابگیرێ وبە(رب العالمين) بناسرێ. ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾.

لەم ئایەتەدا، خودای پەروەردگار زۆر بە ڕۆشنی(ربوبية) خۆی بە(خلق)، (أمر) تەفسیر کرد.

دووەم:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ

بَعْدِ إِذْنِهِۦ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ [یونس: ٣].

خودای پەروەردگار دەفەرمووێ:

واتە (رب)ی ئێوە(الله) یە، خاوەن و پەروەردگاری ئێوە (الله) یە.

پاشان خودای گەورە ڕوونی دەكاتەوە، كەتەنها (الله) شایستەی ئەوەیە كە بە (رب) بناسرێ چونكە:

١- بوونەوەری لە نەبوونەوە دروست كرد لەماوەی شەش ڕۆژدا. ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ﴾

٢- بەڕێوەبردنی بوونەوەرو هەڵسوڕاندنی ژیانیان تەنها لە ژێر فەرمانی (الله) دایە. ﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ﴾

نەك هەر هیچ كەس لەبەڕێوەبردنی بوونەوەردا توانایان نییە، بەڵكو تەنانەت مافی تكادانشینی بەهیچ كەس نەداوە كە بیەوێ بە هۆی تكاكردن و داواكردن لە خوا كارێك لە بوونەوەردا بكات.

﴿مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ﴾

پاشان خودای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾﴾

تەنها (الله) دروستانی كردووەو هەر ئەویش مشورگێڕی ژیانتانە، بۆیە تەنها ئەویش شیاوی ئەوەیە كەبە (رب)ی خۆتانی بناسن، كەوابوو عیبادەت و پەرستنیش تەنها مافی ئەوە و دەبێت بەتەنها بۆ ئەو بكرێ.

سێیەم:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [البقرة: ٢١ - ٢٢].

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

ئەی خەڵكینە عیبادەت وپەرستن تەنها بۆ خاوەن وپەروەردگاری خۆتان بكەن، خاوەنی ئێوە ئەو زاتەیە كە:

١- ئێوەو كەسانی پێش ئێوەشی دروست كردووە. ﴿ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾

٢- خــاوەنی ئێــوە ئــەو زاتەیــە کەمــشورگێڕ و هەڵــسوڕێنەری ژیانتانــەو بەخێوکارتانە:

﴿ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ ئــــەو خوایــەی کــە زەوی بــۆ ئێــوە کــردووە بــە ڕاخەرێك وئاسمانی بـۆ کـردوون بـە بینـا، وە لە ئاسمانەوە ئاوتان بەشێوەی باران بـۆ دەبـارێنێ کـە بەهۆیـەوە چـەندەها گـژوگیا و ڕووەك و دانەوێڵـەی پـێ سـەوز دەکات و دەیکات بەڕزق وڕۆزی بۆ ئێوە..

جـا بۆیـە کەسـێکی تـر مەکـەن بـە هاوبەشـی خـودا لەپەرستندا، لەکاتێکـدا خۆتــان دەزانــن لــە (خلــق و أمــر) دا شەریکی نی‌یە:

﴿ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾.

* هــەروەها پێغەمبــەرانیش (علــــیهم الـــــصلاة الــــسلام) کاتێـك ڕووبــەڕوو دەبوونـــەوە لەگـــەڵ ئـــەو فیرعـــەون و تاغوتانـەی کـەخۆیان کردبـوو بـە (رب) و خوای خەڵکی .. زۆر بەڵگەیان لەم جـۆرە دەهێنایـــــەوە و بـــــەوە بیـــــانووی فیرعەونەکانیان دەبڕی کـە (رب) دەبێـت (خلـــق و أمـــر)کردبـێ و سـەرەنجامی بوونەوەری لەژێر دەستدا بێ، جا مـادام ئـەوان بوونـەوەریان دروسـت نـەکردبێ و یاســا و ڕێــسای بەڕێوەچــونیان بــۆ دانەنابێ، سەرەنجامی بوونەوەریان لەژێر دەســتدا نــەبێ، کەواتــە ئــەوان مــافی ئەوەیان نی‌یە و شایستەی ئەوە نـین کـە بە (رب) دابنرێن .

(نــەمرود) یەکێکــە لــەو تاغوتانــەی داوای خوایـەتی کـردووە و خـۆی بـە(رب) ناســاندووە، کاتێــك لەگــەڵ پێغەمبــەر ئیبراهیمﷺ ڕووبـەڕوو دەبـێ، (ئیـبراهیم) یــش بــەوە دەمکــوتی دەکــاو بــیری دەتاسێنێ کە (رب)زاتێکـە کـە ژیـانی بـە هەموو بوونەوەر بەخشیوەو لە نەبوونەوە هێناونێتێ بوون، پاشـانیش دەیانمرێنێـت و دەیانگێڕێتــــەوە بــــۆ لای خــــۆی، وە دەسەڵاتی لە هەڵسوڕاندنی ژیانی مرۆڤ و بەڕێوەچــوونی ڕێــساکانی گــەردوون دا هەیە:

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى

﴿بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴿٢٥٨﴾﴾ [البقرة: ٢٥٨].

واته: تۆ دیمەنی ئەو کەسەت نەدیبوو که چۆن لەگەڵ ئیبراهیمﷺ سەبارەت بە پەروەردگاری دەمەقاڵێ و ململانێی دەکردو وایدەزانی کە هەرخۆی خوایە (رب)ە، لەبەر ئەوەی خودا پاشایەتی ودەسەڵاتی پێدابوو، بۆیە بە عینادەوە پرسیو ووتی: ئەرێ پەروەردگارو خاوەنی تۆ کێیە؟

(ئیبراهیم)یشﷺ لەوەڵامدا فەرمووی:

﴿إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾

خاوەنی من ئەو زاتەیەکە کە ژیانی بە هەموو بوونەوەر بەخشیوەو لە نەبوونەوە هێناونیێ بوون، پاشانیش دەیانمرێنێت و دەیانگێڕێتەوە بۆ لای خۆی.

کەچی ئەویش ووتی: خۆمنیش کەسانێك دەژێنم وکەسانێك دەمرێنم، ئارەزووم لە هەر کەس بێ ئەوا یان ئەیکوژم و ئەیمرێنم، وە یان چاوپۆشی لێ ئەکەم و ئەیژێنم.

بۆیە (ئیبراهیم) ﷺ فەرمووی: تەنها ئەوە نییە بەڵکو خاوەنی من دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی گەردووندا، یەکێك لەوانە خۆر لە خۆرهەڵاتەوە دێنێ، دەسا تۆش ئەگەر خوای لەخۆر نشینەوە هەڵی بێنە

﴿قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ﴾ [البقرة: ٢٥٨].

سەرەنجام ئەو بێ باوەڕە حەپەساو ورتەی لێ بڕاو دەمکوت بوو.

*هەروەها (فیرعەون)یش یەکێکی تر بوو لەو تاغوتانەی کەخۆی بەخوای هەرە گەورەی خەڵکی دادەناو، ئەوەی بەخەڵکی ڕاگەیاند کەجگە لەو کەسێکی تر نییە کە خوای ئەوان بێت .

(موسی)ش ﷺ هەر بەو شێوازە لەڕووی ئەم یاخی بووەنەدا دەوەستێ و بەوە بیانوی دەبڕێ، کە(رب) دەبێ کەسێك بێت کەبوونەوەری دروست کرد بێ و یاسای بەڕێوەچوونی بۆ دانابێ ..

﴿فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦﴾﴾ [الشعراء: ١٦].

واته: (موسی وهارون) هاتن بۆ لای (فیرعەون) و پێیان ووت: ئێمە ڕەوانەکراو و نێردراوی خودایەکین کەخاوەنی هەموو بونەوەرە.

﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ (٤٩) قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ (٥٠) ﴾ [طه: ٤٩ – ٥٠].

(فيرعـەون) ووتـی: ئـەو خودایـەی کـە خاوەنی ئێوەیە کێیە؟

(موسـی)شﷺ فـەرمووی: خـاوەن و(رب)ی ئێمە ئەو زاتەیەکە:

١- کـاڵای بـوونی بەهـەموو بوونـەوەر بەخشیوەو بوونەوەری بەدیهێناوە.

٢- پاشـان هـەر بوونـەوەرێکیش بـەو شـێوازەی کەشـیاوی خـۆی بێـت یاسـای بەڕێوەچـوونی بـۆ دانـاوەو ڕێگـای بەڕێوەچوونی پێ نیشانداوە.﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ (٥٠) ﴾

کەواتە:

بەپێی ئەو باسەی پێشوو ئەتوانین بڵێین:

## تاك کردنەوەی خودا لە ناسینی دا ﴿توحيد الربوبية﴾

بریتییە لەوەی کە:

١- تـەنها الله بـە دروسـتکارو بەدیهێنەری بوونـەوەر بناسـرێ، دروسـت بوون و بەدیهاتنی بوونەوەر نەدرێتـە پـاڵ هیچ شتێکی تر(الخالق).

٢- وە تەنهاش خودا بەسەرپەرشتیارو بەڕێوەبـەری ئـەم بوونـەوەرە بزانـرێ و بەڕێوەچـوون و هەڵـسوڕاندنی بوونـەوەر نەدرێتـە لای هـیچ کـەس و شـتێکی تـر (المدبر).

٣-وەتـەنها ئـەویش بـەخاوەنی بوونـەوەر دابنـرێ کـە سـەرەنجامی بوونـەوەر هـەر هـەمووی بەگـەورەو بـچوکییەوەو بـە وردو درشـتێوە دەگەڕێتـەوە بەردەسـتی ئـەو (المالـك). ئەوەشـە کـە پێـی دەوتـرێ ﴿**ناسـینی خودای گەورە**﴾.

ئەمـە سـەبارەت بـە ناسـینی خـودا و مانـای (رب)، ئـەوەی تـر کـە پێویـسترە بزانـرێ بریتـییە لـە پەرستنی خـودا و مانای (إله) کە بە پشتیوانی خوای گەورە لەژمارەی داهاتوودا باسی دەکەین.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك